# لە کەشی گەرمدا چ جۆرە جلێک لەبەر دەکەیت؟



هاوینی هیچ ساڵێك ئەوەندەی ئەمساڵ گەرم و تیشکی هەتاویش ئەوەندە بە تێن و بەهێز نەبووە. ئەو کەشە گەرمە کاریگەری خراپی لەسەر جوانی روخسار و سووتانی پێست و رەشبوونی ژێر چاوەکان و شێواندنی ناسکی دەست و مەچەکی خانمان دەبێت، تاکە رێگەش بۆ پارێزگاری لە گەرما و هەڵبژاردنی مۆدە و جلێکی جوانی تایبەتە کە کاریگەری گەرما کەم بکاتەوە. بزانە چ جلێك لەبەر دەکەیت لە کەشی گەرمادا، چونکە عارەقەکردن و لە کەشی گەرمدا، بێزارت دەکات و جارجارەش جلەکەشت بە هۆی ئاورێژەی عارەقەوە نەشیاو دەبێت، لێرەوە ئاشنای ئامۆژگارییەکان ببە:

قوماشی جلی هاوینە: بێگومان هەڵەیەکی گەورەیە کاتێك لە رۆژێکی هەتاوی گەرمدا، جلێکی ئەستوور، یان لە قوماشێك بێت کە پڕ و بە بێ هەوادەرچە بێت، هەمیشە ئەو جلانە هەڵبژێرە کە روونن و لەو جۆرە قوماشە بێت کە دەکرێتەوە و رێگە بە هەوا دەدات بێت و بچێت، وەك جلی (کەتان و پەموو).

رەنگی جلوبەرگ: جیاوازی هەیە ئەگەر جلێکی رەنگ شینت لەبەر بێت لەگەڵ جلێکی سپی، چونکە کاتێك عارەقە دەکەیت، بە جلە شینەکەوە دەردەکەوێت و لە سپییەکەش ون دەبێت، بۆیە کاتێك دەچیتە دەرەوە، یان بەر هەتاو ئەو رەنگانە لەبەر بکە کە عارەقە دەشارنەوە و بۆ شوێنی سێبەر و فێنك رەنگی دیکە لەبەر بکە.

جلی تەسك و کراوە: کاتێك لە کەشێکی گەرمدا دەبیت، ئەگەر جلێکی تەسکت لەبەر بێت، زیاتر بێزارت دەکات و بۆشایی هەوای نێوان دەرەوە و جەستەت ناهێڵێت، بەمەش زیاتر عارەقە دەکەیت و بێزاریشت پێوە دیار دەبێت، بۆیە چاکترە تەنوورەیەکی کراوەت لەبەر بێت، نەك تەنوورەیەکی تەسك.

سەندەڵ و پێڵاو: کاتێك پێڵاوت لەپێی دەبێت، لەو کەشە گەرمەدا زیاتر گەرماترت دەبێت و بێزارت دەکات، بەڵام ئەگەر سەندەڵێکت لەپێی بێت، ئەوەندە بێزارت ناکات و گەرمابوونیش کەمتر دەبێت لەوەی پێڵاوت لەپێ بێت.



## ئێکسسوار و خشل بۆ کچانی منداڵ

ئێکسسوارەکان هەمیشە لە دوای جلەوە جوان و مۆدەی سەرنجڕاکێشن، کاتێك کۆمەڵێك ئێکسسوارت لەبەر دەبێت، جیاواز دەبیت لەگەڵ کەسێکی دیکە، ئێکسسوارەکانیش هەر تەنیا بۆ گەورەکان نین، بەڵکو کچە بچووك و خنجیلانەکانیش شایستەی ئەوەن ئێکسسواریان لەبەر بێت. کچانی منداڵ، یان ئەوانەی تازە پێدەگەن، ئەوەندە ناسك و نەرم و نیانن، هەر بۆ ئەوە جوانن کە ئێکسسوارێکی تەوقە، یان بازن و ملوانکەیان پێبدەی، (ئێکسسواریز – Accessorize)، مارکەیەکی بەریتانییە و هەمیشە بەرهەمەکانی زیاتر ئێکسسواری کچانی خنجیلانە و منداڵانن، ئەو ئێکسسوارانەی بۆ کچە منداڵەکەت، یان منداڵە ساوایەکەت گونجاون بریتیین لە: تۆقەی سەر، بازن، گوارە، ملوانکە، دستبەند، جەنتای بچووك، هەروەها ئەگەر پێت جوان بوو، چاوێلکەی ناسکیشی لە چاو بکە، بەتایبەت بۆ کاتی وێنەگرتن و چوونە ئاهەنگ و بۆنە و یادی تایبەت.



# چۆن نینۆکی کورت بە شێوەیەکی درێژتر نیشان دەدەیت

نەرم و نیانی و ناسکیی نینۆکەکان، گرنگترین هەنگاوەکانی جوانین لەلای ئافرەتان، حەز و ئاواتی هەموو خانمێکە نینۆکەکەی بە جوانترین شێواز دەربکەوێت و هەمیشە لەلایەن دەستەخوشکان و هاوڕێیانی پرسیاری لێی بکرێت، ئاخۆ چۆن بەم جۆرە نینۆکەکەی ئاوا ڕەنگ کردووە، یان چ جۆرە بۆیەکی لێداوە، تەنانەت حەزیش دەکەن کە نینۆکەکانیان درێژ و رازاوە بێت. بۆ ئەوانەی نینۆکیان کورتە و دەیانەوێت بە درێژی دەربکەوێت، دەتوانن لەم ڕێگایانەوە کاری لەسەر بکەن:

کێشانی وێنەی گوڵ لەسەر نینۆک، ژێرەوەی نینۆک بە روونی بۆیە بکە، پاشان خاڵێك بە ڕەنگی زەردیش بۆ هەر نینۆکێك بکە، دواتر ڕەنگی سپی بۆ وێنەی گوڵ، شێوازی میوەش نینۆکەکان درێژ نیشان دەدەن، کە ئەوەش لە ڕێگەی بۆیەی سەوزەوە بۆ هەر نینۆکێك، شێوەی نیوە مانگیش لەسەر پەنجەی بچووکت بکەیت. کاتێك وێنەیەکی کارتۆنیت لەسەر نینۆکی پەنجەکانت کێشا، بەم چەشنە دیمەنی نینۆکت درێژتر دەردەکەوێت. شێوازی ڕەش، دەتوانی بە ڕەنگی ڕەشەوە نینۆکەکەت درێژتر نیشان بدەیت، بۆیەی سەرەکی لە ڕەنگی ڕەش بکە و دواتر ڕەنگی زەردی زێڕی لەسەر ڕەنگە ڕەشەکە بدە پاشان ئەنجامەکانی ئەو هەنگاوانە ببینە.

# ئامێرەکانی میوزیک لە سەهۆڵ و بەستەڵەک

هەمیشە زانیومانە کەرەستەکانی میوزیك لە دار و ماددەی مز و ئەلەمنیۆم دروست دەکرێن، بەتایبەت ئەوانەی هەڵدەگیرێن تا سووك بن و ئازاری میوزیکژەنان نەدات کاتێك بۆ ماوەی (٢ یان ٣) کاتژمێر لە کۆنسێرتێك، یان ئاهەنگێك بە شان و دەست و مەچەکیانەوە دەبێت. میوزیکژەنێکی ئەمریکی بە ناوی (تین لینهارت) تیمێکی پێکهێنا کە لە نێو کەشێکی سەهۆڵبەندان و سارددا کۆنسێرتێك بکەن، هەر بۆیە روویان لە شاری (لولیا) لە وڵاتی سوید کرد، کە لەوێ پلەی ساردی (-٥) ژێر سفرە، ئەو تیمە لە ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمریکی کاتێك گەیشتنە شاری سەهۆڵ، داوایان کرد کە سەرجەم ئامێرە میوزەکەکانیان لە سەهۆڵ دروست بکرێت، هەر بۆیە لەلایەن دیزاینەرانی سەهۆڵ و بەستەڵەك، سەرجەم ئامێرەکانی (کەمانجە، گیتار، سیلۆس، ساز...)، لە سەهۆڵ و بەستەڵەکی رەق دروست کراون. دوای ئەوەی کەرەستەکان دروست کران، هەر لەم شوێنە ساردەدا کۆنسێرت و میوزیکی ناوازە بە ئامێرەکانی سەهۆڵ و بەستەلەك کەوتە بەر گوێچکەی ئامادەبووان و گەشتیاران.



# گوندێک بۆ سەنفوورەکان

جیلی جاران و ئەوانەی پێشوو زۆربەمان زنجیرە کارتۆنی (بابا سەنفوور)مان بینیوە، هەروەها ئەو رۆڵە دڕندانەی (شەرشەبیلٚ) مان لە بیرە و دەزانین چەندە ئازار و ئەزیەتی سەنفوورەکانی دەدا. ئەو کارێکتەرە خەیاڵییە لەلایەن وێنەکێشێکی بەلجیکی بە ناوی (بییر کولیفۆرد) داهێنراوە، پاشان لە ساڵی (١٩٥٨) لەلایەن سیناریستێك بە ناوی (مایکەل لیگراند) چیرۆکی فیلمی بۆ نووسراوەتەوە و دواتر کاری فیلمی کارتۆنی لەسەر کراوە. بەم دوایییە وەك ئاواتێك بۆ هەوداران و ئارەزوومەندانی کەسایەتییەکانی ئەو کارتۆنە، گوندێکی تایبەت بە سەنفوورەکان دروست کراوە کە دەکەوێتە شاری (مەلەگا)ی ئیسپانیا، سەراپای ئەو گوندە بە شین رەنگ کراوە، کە لەلایەن کۆمپانیای (سۆنی بیکتشەر) کاری لەسەر کراوە، سەرەتا لە رەنگی سپی بوو، بەڵام دواتر خەڵك و ئارەزوومەندانی سەنفوورەکان داوایان کرد کە رەنگی گوندەکە شین بێت. ئەو گوندە بە ناوی (گازکار) دەناسرێت و بڕی (٤٠٠٠) لیتر بۆیەی شینی لێدراوە، جگە لەوەی هەموو کارێکتەرەکانی ئەفلام کارتۆنی سەنفوورەکانی تێدا لە شێوەی پەیکەر و وێنە دانراوە.



# خەنە و خەنەبەندان



کورد بە خەنەبەندانەکەیەوە بەناوبانگ بووە. ئەگەرچی تا ئێستا نازانرێ خاوەندارێتی خەنەبەندان کوردە، یان عەرەب و فارسە، بەڵام بەپێی زانیاری مێژووناسانەوە بۆنەیەکی کوردی بووە و دواتر لە نەتەوەکانی دیکەدا چاولێکەری کراوە و بەکارهاتووە. خەنە لەدەستدان و خەنەبەندان ئەو ڕۆژە تایبەتەیە کە کچی بە دەستگیراندار، بەر لە شەوی زەماوەند لەگەڵ دەستەخوشکان و هاوڕێیان و خزمانی کۆدەبنەوە، خەنەش دەهێنرێت و لە ناولەپی بووك و سەر و پرچ دەدرێت، تا لەو ڕۆژەوە خۆشی و شادی ڕووی تێبکات، جگە لەوەی ئافرەتانیش چ لە دەستیان بدەن، یان پرچیانی پێ ڕەنگ بکەن. خەنە جۆرە دارێکی سرووشتییە کە ڕووەکێکە لە پێکهاتەکەیدا ماددەی کیمیاوی تێدا نییە و بۆنێکی سرووشتی خۆشی هەیە، جگە لەوی ڕەنگێکی سوور بە قژ دەبەخشێ و خاویشی دەکاتەوە. جاران ئافرەتانی کورد بە مەبەستی جوانی و خۆڕازاندنەوە دەست و روخساریان دەکوتی، کە ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر دەمایەوە و لێنەدەچوو، بەڵام دواتر سوودیان لە خەنە بینی کە بۆ ماوەیەك دەمێنێت و دەڕوات، ئینجا لێدانی خەنە شێوازی جۆراوجۆری هەیە، هەندێکیان لە شێوەی نەخشی سەر دەست، هەندێکی دیکەش لەسەر جەستە و ناو لەپی دەست دەدرێت، هەندێ جاریش بۆ نووسینی ناوی خۆشەویستان و ئازیزان لە دەست و مەچەك دەدرێت. تا ئێستاش لە کوردستان خەنەبەندان دەکرێ و ئافرەتانیش سوود لە ڕەنگ و بۆنی خەنە وەردەگرن بە مەبەستی جوانی، سوودەکانی خەنە بریتییە لەوەی کە هیچ زیانێك بە قژ ناگەیەنێت، لە ڕووی پزیشکیشەوە بۆ چارەسەری پێست لە قلێشان و چرچ و لۆچ بوون بەکاردەهێندرێت، تەنانەت کاتێك لە پرچیش دەدرێت، ئافرەتان هەست بەوە دەکەن کە قژیان لە هەڵوەرین دوور دەکەوێتەوە. خەنە دارێکی بچووکی کورتە و لقەکانی بڵاون، پەڵکەکانی لێدەکرێنەوە و پاشان وشك دەکرێتەوە، دواتر ورد دەکرێت و دەبێتە وردە تۆزێکی سەوز لە ناو کیس دادەنرێت، ئەو تۆزە لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت و پاشان تێکدەدرێت تا دەبێتە هەویرێکی شل و لووس، دواتر لە تاڵ بە تاڵی پرچ دەدرێت تا ماوەی (٢ تا٧) کاتژمێر دەمێنێتەوە بە پرچەکەوە، تا بە جوانی ڕەنگەکەی بگرێت، پاشان بە ئاوی شلەتێن دەشۆردرێت، ئەوە جگە لەوەی بە شێوەی نەخش و شێوەدار بۆ ڕازاندنەوەی دەست و مەچەکیش بەکاردەهێنرێت، ئەگەر چی لە ئێستا ئەوەندە باوی خەنە نەماوە، بەڵکو بۆتە تاتوو، بەڵام جوانی و نەخشی خەنە لە تاتوو دیارترە و سوودیشی بۆ پێست هەیە بەرامبەر بە تاتوو کە زیان و ئازار و ژانیشی هەیە.



# جلوبەرگی ڕەوشن و ڕووناک

هەموو ئافرەتێك حەزدەکات جلەکەی ناوازەترین و جوانترین بێت، تا لە بەرچاوی هەمووان جێگەی سەرنج بێت و بۆ هەڵبژاردنی جلەکەی دەستخۆشی لێی بکرێت، بەتایبەت کاتێك جلەکە بە بریقە و پوولەکە بێت. هەر بۆیە دیزاینەری لوبنانی (رامی قازی) سەیرترین جلی دیزاین کردووە، کە ئەو جۆرە جلە بە شەو بریقەدار و ڕەوشنە، بە ڕۆژیش شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە. ئەو جلە بە ناوی (میتگاڵ - Met Gala)ـە و بڕێکی زۆری ماددەی فسفۆڕی تێکراوە، کە شەوانە بریقەدارە و ڕۆشن دەبێتەوە. لە بەشێکی دیکەشی سوودی لە مووروو و نقێمی سپی وەرگرتووە، وابڕیارە لە داهاتووشدا جلی شێوازی سێ ڕەهەندی (3D) دیزاین بکات. ئەگەر ئەو جلەت لەبەر بێت، شەوانە وەك فسفۆڕێك دەگەشێتەوە و تەنانەت لە تاریکی زیاتر کاریگەرتر دەبێت، نرخی ئەو جلە لە ئێستادا (٣٠٠٠) دۆلارە و ڕەنگە لە داهاتووشدا نرخەکەی کەمتر ببێتەوە.






## پەند و وتە



- مارگرێت مەید، ڕۆشنبیر و ئەنترۆپۆلجیستی ئەمریکی لە ساڵی (١٩٠١) لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٧٨) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەمایەتی و گۆڕانکاری گوتوویەتی: گومان لە توانای و هێزی ئەو کۆمەڵە بچووکە مەکەن، کە خاوەن بیرۆکەن تا جیهان بگۆڕن، چونکە هەر ئەوەیە ڕوویداوە و ئێستاش گوزەردەکات.



## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا باس لە هێزی گەل دەکات، کە سەدان تانك و چەك ناتوانن بەرامبەر گەل بوەستن، ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت.

## کاوڕ

خواستەکانت با تەنیا ئەوەندە نەبێت کە هەتە، بەڵکو کاری زیاتری لەسەر بکە. ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و هەمیشە بیر لە ڕووخان دەکەیتەوە. بەهێز بە و ڕووبەڕووی گرفت و کێشەکانت ببەوە، ئەرکەکەت لە داهاتووتدا قورس دەبێت و پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت.

## گا

کەسێکی سادە بە لە ڕەفتارەکانت و شانازی بە هەنگاوەکانت بکە و لە هیچیان پەشیمان مەبەوە. ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەنجامی بدە و کاری کەسانی نزیکیشت پشتگوێ مەخە. کەسێك لێت نزیك بۆتەوە و ماوەیەکە ژیانت تێکچووە، بۆیە هەوڵبدە لە خۆتی دوور بکەیتەوە.

## جمک

هەموو هەوڵی خۆت بە کەسانی دیکە مەبەخشە و زیاتر کار بۆ ئامانجەکانی خۆت بکە. ماوەیەکە بیرۆکەی جوانت بۆ دێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی خراپت دەستدەکەوێت، ئەوەی هەستی پێدەکەیت لەم ماوەیە بۆت نارەخسێت. بۆیە دەبێ پلانەکانت جوانتر و باشتر دابڕێژیتەوە.

## قرژاڵ


ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە، چونکە کارەکەت تێکدەچێ و وەك ئەو کارانەی کە دواجار هەنگاوێکی گرنگیان لە ژیانت تێکدا. ئەو کەسەی هاوسۆزتە و نزیکتە، لە دەستی مەدە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵی بەردەوام بە. کەسایەتیت ژیرانەیە و ژیرانەش ڕەفتار بکە.

## شێر

کەسێکی زیرەکی، بەڵام هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن ناچن و بڕیارەکانیشت بە جوانی بە ئەنجامی خۆیان ناگەن، بزانە کێشەیەك هەیە لە ئەنجامدانی کارەکانت، ئەو ماوەیە پێویستت بە کەسێکە کە هاوکاریت بکات، تۆش بزانە ئەو کەسە کێیە و لێی نزیك ببەوە.

## گوڵەگەنم

خەریکە چەندین کێشەت بۆت دروست بێت، بەهۆی ئەو کۆمەڵە بڕیارە بەپەلەیەی دەیدەیت، بیر لە داهاتووی هەر بڕیارێك بکەوە و پاشان کاری لەسەر بکە، هەستت هەیە بۆ کەسێك و ڕوو بە ڕوو پێبڵێ و مەترسە لە وەڵام، کەسایەتیت جێگیرە و پارێزگاری لە خۆت بکە.



## شاری یاری لە نێو ماڵەکەت

باپیرەیەك لە ئەمریکا خاوەنی (٩) نەوە دەبێت و وەکو خێزانێك هەمیشە بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەن. نەوەکانی ئەو باپیرەیە زوو زوو داوای لێدەکەن کە منداڵەکان ببات بۆ شاری یاری، ئەویش بیرۆکەیەکی سەیری بۆ دێت و ئەوەندە هاتوچۆ بۆ شاری یاری و مەترسیی شاری یارییەکان لە نەوە و منداڵەکانی دووردەخاتەوە و دەست بە دروستکردنی شاری یاری لە ماڵەکەیدا دەکات. ئەو پیاوە ناوی (ستیف دۆبس)ـە و لە شاری فۆلرتۆن لە ویلایەتی کالیفۆرنیایە، لە بەشی دواوەی ماڵەکەیان کە بە باکیارد ناسراوە، شارێکی یاری بۆ منداڵەکانی دروست کردووە کە هەموو جۆرە یارییەکی منداڵانە و کات بەسەربردنی تێدایە و منداڵ و نەوەکانی لە جیاتی سەردانی شاری یاری بکەن، لە شاری یاری ماڵەکەیدا یاری خۆیان دەکەن.

## وێنەی ڕۆژ



## تاوەرە سەیرەکەی جیهان

تاوەرەی (جین ماو) بە جوانترین و سەیرترین تاوەر دادەنرێت، هەروەها بە یەکێك لە سەیر و سەمەرەکانی جیهان هەژمار دەکرێت. ئەو تاوەرە دەکەوێتە ناوچەی لۆگازیوی پۆدۆنگ لە شاری (شەنگهای) چین و بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران و خەڵکی ئەو وڵاتە. تاوەرەکە (٤٢١) مەتر بەرزە، هەروەها (٨٨) نهۆمە.

### شایان

وەڵامی ئەو کەسانە بدەوە کە بە کردار دژایەتیت دەکەن، بەڵام ئەوانە فەرامۆش بکە کە بە قسە باست دەکەن، چونکە وەڵامنەدانەوەیان مانای گەورەییت دەبەخشێ، ئەرکی داهاتووت قورسە و لەگەڵ کەسێکدا بە یەکەوە ئەنجامی دەدەن و ستایشی ئەو کەسە بکە.

### دووپشک

هەر کاتێك هەستت بە بێزاری کرد، بیر لە کارە جوانەکانت بکەوە و ئەوکاتە هەستت باشتر دەبێت. ماوەیەکە زۆر بە ڕەشبینی بیردەکەیتەوەو ئەوەش کاریگەری خراپی بۆ سەر ژیانت دەبێت. کەسێکی دڵ نەرمی، بەڵام دژایەتیت دەکەن و تۆش وەڵامت بۆیان هەبێ.

### کەوان

سەرت لە خۆت شێواندووە و کۆمەڵێك هەنگاوت خستۆتە بیرت، نازانیت کامەیان ئەنجام بدەیت، بەڵام ئەوە پێویستی بە سادەیی و بیرکردنەوەی سادە هەیە تا هەنگاوەکان جێبەجێ بکەیت، کەسێك لە ژیانتە و خۆت لێی نزیك بکەرەوە و ئەنجامەکەی باش دەبێت.

### گیسک


کەسانی دیکە خۆزگە بە تۆ دەخوازن و دەیانەوێت شوێنت بگرنەوە، بەڵام تۆ لە پێگەی خۆت بێزاریت و بە دڵت نییە، دیسانەوە بیر لە خۆت و پێگەت بکەوە و ئەوکاتە هەست بە خۆت دەکەیت. هەمیشە کەسێکی یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت و ئەوەش گەورەیی تۆی دەرخستووە.

### گۆزە

ئەو ماوەیە دوودڵی لە کارەکانت، بەڵام ئەرکی خۆت بە جوانی جێبەجێ بکە و خۆت مەخە ناو ململانێ کەسانی دیکەوە و تەنیا ناوبژیوانییان بکە. کەسێك لە ژیانتە، بەڵام ڕەفتاری یەکترتان بە دڵ نییە و هەوڵبدە ماوەیەك لێی دوور بکەویتەوە و تا هەستت پێبکات.

### نەهەنگ

هەستت بەرزە و لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا هاوکاری یەکتر دەکەن، مەهێڵە لە دەستت بچێت و بەڵکو زیاتر نزیکی بە، ئەو ماوەیە کاتێکی ناخۆش بوو بۆت، بەڵام داهاتوو بەرەو خۆشی دەچێت، لەگەڵ کەسانی ماڵەوە بە جوانی مامەڵە بکە و ئەوەی هەتە لە دەستی مەدە و قەدری بگرە.



## نوکـــــتە

- دوو کەس خەریکی بردنە سەرەوەی سەلاجەیەك بۆ نهۆمی (٦) باڵەخانەیەك دەبن، تا نهۆمی (٥) ڕۆیشتن، یەکێکیان بەوەی دیکەی گوت: (٢) هەواڵی خۆش و ناخۆشم لەلایە، ئەویش گوتی: چییە؟ گوتی: هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە تەنیا (١) نهۆممان ماوە بگەینە سەرەوە، هەواڵەکە ناخۆشەکەش ئەوەیە ئەو باڵەخانەیەی سەرکەوتین هەڵەیە و دەبێ بچینە باڵەخانەکەی دیکە!

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەکان ڕیز بکەیت، تا ناوێکت بۆ دەردەچێت:

گ ت ر و

ئاسانکاری : گیاندارێکی دڕندەیە !

- لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە و لە نێو جەستەیدا وێنەیەکی دیکە دیارە، وەك ئەوەی ئەو کەسە ڕوون بێت، بەڵام ئەوکارە بە فێڵکاری چاو کراوە و هەوڵدە بیدۆزیتەوە.





## یـــاری وێنـــە

- لەم وێنەیەدا، باڵندەیەك هەیە و دەبێت بە وریایی سەیر بکەی و تا شوێنی باڵندەکە دەدۆزیتەوە، ئەو هەنگاوە بۆ بەهێزکردنی مێشك و ئەکتیڤکردنی ڕەنگ و بینینی چاوەکانتە و هەوڵی دۆزینەوەی بدە.




لە ساڵی (١٩٩٩) دروست کراوە و بەم دواییەش نۆژن کراوەتەوە و بەرزتریش کراوە. ئەو تاوەرە لەلایەن دوو ئەندازیاری چینی و بیانی دروست کراوە کە ناویان (سکید مۆر و ئەدریان سمیت)ە و نەخشەی ئەندازیارییان بۆ دانراوە. سەیریی ئەو تاوەرە لەوەدایە وەك ئەوەی یاری منداڵان بێت و تاوەرێکی ڕاستەقینە نەبێت.